# FOREIGN POLICY
# FOURTH CLASS
# 2022-2023

LECTURE

HANDER ABDULKHALEQ

# تیۆری ریالیزمی نوێ


ریالیزمی نـوێش سـەر بەهـەمان قوتابخانـەی ریـالیزمی کۆنـە، بـەڵام لـە رێگەی چەند گۆرانکارییێکەوە دەیـەوێت فـۆرمێکی دروسـترو زانسـتی تر بۆ شرووڤەکردنی پەیوەندیـە نێودەوڵەتیـەکانو سیاسـەتی دەرەوەو سیستمی نێودەولەتی پێشکەش بە بـواری زانسـتە سیاسییەکان بکات. جیاوازیـە سـەرەکیەکەش ئەوەیـە کـە ریـالیزمی نـوێ لـە بـری جەختکردنـەوە لـە سـەر سروشـتی مـرۆڤ کـە ریـالیزمی کـۆن پشـتی پێدەبەست، ریالیزمی نوێ جەخت دەکاتە سەر ستراکچەری سیسـتمی نێودەولـەتی structure of political system وەك چوارچـێوەیەك بـۆ شـیکردنەوەو شـرۆڤەکردنی رەفتـاری دەوڵـەتو پێوەندیە نیودەولەتیەکانو سیاسەتی دەرەوە.


# تیۆری ریالیزمی نویٚ

دوای ئەوەی رەوتی واقعی ماوەیەکی کەم ون بوو دیار نەما لە ژێر کاریگەری یەکێتیەکی ئاڵۆگۆڕیانە لە ماوەی شەستەکانی سەدەی ربردوو، جارێکی تر واقعیەت لە سەرەتای حەفتاکان دەرکەوتەوە بە هۆی جەنگی ساردەوە، تاکو ببێتە پێشەنگ لەبیرکردنەوە لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، ئەمەش لە ژێر دروشمی رەوتی ریالیزمی نویٚ، وە زیاتریش لە کارەکانی کینز والتز - Kenneth Waltz و جۆن جیرارو روبرت غیلیان دەرکەوت. بیرمەندانی ریالیزمی نویٚ تا رادەیەك دوورکەوتنەوە لە تیۆریەکانی مۆرگنساو لەسوور بوونیان لەسەر سروشتی ئاژاوەگێڕی سیستمی نێودەوڵەتی.

# تیۆری ریالیزمی نوێ

- کینز والتز - Kenneth Waltz وەك یەكێك لە سەرەكیترین تیوریستەكانی ریالیزمی نوێ رەخنە دەگرێت لە ریالیستە كۆنەكان كە سیاسەتی ناوەخویان تێكەل بە سیاسەتی دەرەوە كردووە. كینز لە ساڵی 1979 لە رێگای پەرتوكێكی تێرو تەسەلدا بە ناوی Theory of International politics بنەماكانی تیوری ریالیزمی نوێی خستە



# گریمانە سەرەکیەکانی نیوریالیستەکان لەو خالانەی خوارەوەدا کۆدەکرێنەوە :

1-خەسلەتی سەرەکی سیستمی نێودەوڵەتی بریتیە لە ئاژاوە- Anarchy -
ریالیزمی نوێ بە پێچەوانەی ریالیزمی کلاسیکی، سیستمی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی ئاژاوەگێڕیەوە دیاری دەکات، کە بریتیە لە حاڵەتی نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی و مەرکەزی - لە روانگەی والتزەوە-. دەوڵەتەکان دەبنە خاوەن سەروەری و سەربەخۆیی خۆیان. لە سیستمێکی ئاژاوەگێڕی لەم جۆرەدا، هێزی دەوڵەت دەبێتە کلیلی سەرەکی بۆ تێگەیشتنی واقیع, چونکە تەنها لە چوارچێوەی هێز دەوڵەت دەتوانێت بەرگری لە خۆی بکات، و هەوڵی مانەوەی خۆی بدات. لەبەرئەوەی ریالیزم لە چوارچێوەی چەند کۆمەڵێك رێگای جۆراوجۆر دەروانێتە هێز، وەك هێزی سەربازیی و ئابووریی و دیبلۆماسی، بەلاَم لە کۆتاییدا جەخت لەسەر توانای ماددییەکان دەکاتەوە وەك پێوەرێك بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی.

# گریمانە سەرەکیەکانی نیوریالیستەکان لەو خالانەی خوارەوەدا کۆدەکرێنەوە :

2-سیستمی نێودەولەتی structural system بەرپرسی سەرەکیە لە هەڵسوکەوتی دەولەتانو سیاسەتی دەرەوەیان لە کومەڵگای نیودەولەتیدا.

3-دەوڵەت هەمیشە بەدوای دەسکەوتنی زۆرترینو هیزو ئاسایشدا دەگەرێت.

وە دەوڵەت ئەکتەری سەرەکیە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی

4-هێز سەرچاوەی سەرەکی سیاسەتە نێودەولەتیەکانە.

5-جەنگو ململانێ ئەگەرێکی کراوەیە لە سیستمی جیهانیدا.

6-ئاسایشی نێودەولەتی لە رێگای هاوپەمانێتیو هێزی بەرپەرچدانەوە سەقامگیر دەبێت .

7-هاوسەنگی هێز (balance of power)تا ئێستاش گونجاوە بۆ سیستمی نێودەوڵەتی .

# ئەو رەخنانەی ریالیستە نوێکان لە ریالیستە کۆنەکانی دەگرن چەند جورێکن :

- - ریالیزمی کۆن حسابی تیۆرە زانستیەکانی تری زانستە کومەلایەتیەکانی نەکردووە کە وێنەییکی گشتگیر تر دەدەن بە دیراسەکردنی سیاسەتی نێودەولەتی، وەك زانستەکانی ئابوری، کومەلناسیو دەروونناسی...
- - ریالیزمی کلاسیکی گرنگی زۆری داوە بە لایەنی سیاسی و سەربازی بۆ شرۆڤەکردی پێوەندیە نێودەولەتیەکان لە کاتێکدا رەگەزی تر هەن لە پیوەندیە نیو دەولەتیەکان وەکو شیکارکردنی فاکتەرە ئابوریەکان، پەیوەندیکردن، پشتبەستن بە یەکتری بە تایبەت لەگەڵ دەرکەوتنی ئەکتەری تازە لە پێوەندیە نێودەولەتیەکاندا.

لێرەدا دەتوانین تێڕوانینی ریالیستە نوێیەکان لە چوار خاڵی سەرەکی پوخت بکەینەوە، ئەوانیش:

1- ریالیستەکان پێیان وایە مانەوە ئامانجی سەرەکی هەموو دەوڵەتێکە دژی داگیرکاری بیانی، وە ئەرکی هەر دەوڵەتێك رووبەڕوو بوونەوەی هەڕەشەکانی سەریەتی، وە بارودۆخی ئاژاوەگێڕی لە سیستمی نێودەوڵەتی، پێویست دەکات لەسەر دەوڵەت کە بەردەوام هەوڵی بەدەستهێنانی هێز بدات بۆ بەرگریکردن لە خۆی و بەرژەوەندییە ئابوورییە پێویستیەکانی و مانەوەی خۆی.

## لێرەدا دەتوانین تێڕوانینی ریالیستە نوێیەکان لە چوار خاڵی سەرەکی پوخت بکەینەوە، ئەوانیش:

- 2- ریالیستەکان پێیان وایە کە ئەکتەرە چالاکەکان - دەوڵەتەکان - دەبێت عقلانی بن، ئەمەش واتە مانەوە ئامانجی سەرەکی ئەو ئەکتەرە چالاکانەیە، وە پێویستە لەسەری زۆرترین هەوڵ بدات لە پێناو بەدیهێنانی تواناکانی بە مەبەستی مانەوەی بە بەردەوامی.

**لێرەدا دەتوانین تێڕوانینی ریالیستە نوێیەکان لە چوار خاڵی سەرەکی پوخت بکەینەوە، ئەوانیش:**

**3- ریاڵیستەکان پێیان وایە واجبی هەموو دەوڵەتانە هێزی سەربازییان هەبێت، وە پێویستە لە نیەتی دەوڵەتانی دراوسێی تێ بگات، هەر چەندە ئەوەش کارێکی ترسناك و نا دڵنیایە.**

**4- لە جیهانێکی وەك ئەم جیهانەی ئێستا، زلهێزەکان دەوڵەتە خاوەن ئابووریە بەهێز و هێزە سەربازییەکانن، هەر ئەو هێزەشە کۆنترۆڵی بنەماکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە.**

# خاله جیاوازەکانی نێوان ریالیزمی کۆن و ریالیزمی نوێ چەند جورێکن :

| ریالیزمی نوێ | ریالیزمی کۆن |
| --- | --- |
| - هێز ئامانج نیه بەلکو هۆکارە لە پێناو ئامانجێکی گەورەتر کە بریتیه لە مانەوە– survival | - هێز ئامانجی سەرەکیه |
| - یەکەی شیکردنەوە بریتیه لە ستراکتوری سیستمی نێودەولەتی– structure of international system | - یەکەی شیکردنەوە بریتیه لە دەوڵەت State - |
| - میتۆدی شیکردنەوە لە یەکەی گەورە بۆ بچووك دەست پێدەکات، بۆ نموونە لە سیستمی نێودەولەتی بۆ دەولەت | - میتۆدی شیکردنەوە لە بچووکەوە بۆ گەورە دەست پیدەکات، واتا لە رەفتاری مرۆڤەوە بۆ دەولەت |